# بڕیاری زیندانیکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغلو، تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

تورکیا دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، کاری لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی کرد و هەرچەندە نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستەی کە لە سیستەمە دیموکراسییەکانی ڕۆژاوادا هەیە، بەڵام تا ڕاددەیەکی باش بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە، توانیی نموونەیەکی باش پێشکەش بکات و چەندان هەنگاو لە ڕووی بەرپاکردنی بنەماکانی دیموکراسیدا نایەوە و کەوتە پێش وڵاتانی ناوچەکە؛ لەگەڵ ئەوەیشدا ژیانی سیاسی لە تورکیا دوور نەبووە لە ناسەقامگیریی سیاسی، بەتایبەت لە ساڵانی شەستەکان و هەشتاندا کە تێیدا دوو کودەتای سەربازی ئەنجام درا. هەر بۆیە ئەگەر چاوێک بە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسیی تورکیادا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتە لە ڕووی سیاسییەوە گونجاوە بۆ گۆڕانکاریی لەناکاو و نادیموکراسی. بەتایبەت لە پاش ساڵی ٢٠٠٢ کە حزبی داد و گەشەپێدان لە تورکیا گەیشتە دەسەڵات، ئاماژەکانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی تورکیادا دەستی پێ کرد، چونکە لە ساڵی ٢٠١٧ ئاک پارتی بە سەرۆکایەتیی "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان"، توانیی دەستووری وڵات هەموار بکات و سیسەمی سیاسیی تورکیا لە "پەرلەمانی"یەوە بۆ "سەرۆکایەتی" بگۆڕێت.

هەندێک پێیان وایە کە ئەم گۆڕانکارییە لە سیستەمی سیاسیی تورکیادا سەرەتایەک بووە بۆ دیزاینکردنی سیستەمی سیاسیی وڵاتێک بۆ سەرکردەیەکی دیاریکراو؛ بۆیە دەتوانین بڵێین وەرچەرخانی سەرەکی و بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی تورکیا لە دوای ٢٠١٧وە دەستی پێ کرد و ئێستایش گەیشتۆتە قۆناغێکی مەترسیدار. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئیستەنبووڵ "ئەکرەم ئیمامئۆغلو" لە ١٩ی ئازاری ٢٠٢٥ لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا و دواتر لە ٢٣ی هەمان مانگ بڕیاری زیندانیکردنی لەلایەن دادگەوە بۆ دەرکرا. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەم ڕووداوە خاڵێکی گرنگ بێت لە ژیانی سیاسیی تورکیا و، چاوەڕوان دەکرێت گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن (حزبی کۆماریی گەل – جەهەپە) لە دژی دەسەڵاتی ئێستای تورکیا و ئەردۆغان، درێژە بە جووڵاندنی شەقام بدات. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا لەگەڵ گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێ بۆ سەر ژیانی سیاسی لە تورکیا.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی تیشک بخەینە سەر کاریگەریی ئەم ڕووداوانەی دوایی لەسەر ژیانی سیاسیی تورکیا.

**ئایا ئۆپۆزیسیۆن ئەوەندە بەهێزە، ئاک پارتیی نیگەران کردووە؟**

ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە ساڵی ٢٠٠٢وە لە دەسەڵاتە و بە درێژاییی ئەم ماوەیە سەرۆکی حکوومەتی کابینە یەك لە دوا یەکەکانی ئاك پارتی بووە و، ئێستایش لە ساڵی 2014وە لە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار بەردەوامە. بەم هۆیەوە ئەزموونێکی باشی هەیە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و چۆنێتیی شکستهێنان بە نەیار و ڕکابەرەکانی؛ تا دوایین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماریش توانیی بەرەی دژی بە شێوەیەک تێک بدات کە نەتوانرێ شکستی پێ بهێنرێت و لەم چوارچێوەیەدا "ئەردۆغان" سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی ژینگەیەک کە تیایدا دیاریکردنی کەسایەتییەکی لاوازی وەکوو "کەمال کلیچدارئۆغلو"ی سەرۆکی پێشووی جەهەپە وەک ڕکابەری خۆی مسۆگەر کرد، چونکە کلیچدارئۆغلو تا ئەو کاتە لە ٩ هەڵبژاردنی گشتی و شارەوانی و سەرۆکایەتیی کۆمار و ڕیفراندۆم بەرامبەر ئەردۆغان شکستی هێنابوو و نەیتوانیبوو سەر کەوێت. هەر لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری ساڵی ٢٠٢٣ ئەردۆغان توانیی سەر بکەوێ و شکست بە کلیچدارئۆغلو بهێنێت، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٢٣، پێشبینی دەکرا ئەگەر لە جیاتی کلیچدارئۆغلو، ئەکرەم ئیمامئۆغلو کاندید بکرابایە، ئەوە بە ئەگەرێکی زۆر، شکستی بە "ئەردۆغان" دەهێنا.

کلیچدارئۆغلو دوای ئەم هەموو شکستە، بەتایبەت پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری و پەرلەمانی تورکیا کە لە ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ ئەنجام درا و بە شکستی کلیچدارئۆغلو کۆتایی هات، دواجار جەهەپە بڕیاری ئەنجامدانی کۆنگرەی دا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣. لە ئەنجامی کۆنگرەکەیش کلیچدارئۆغلو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی حزبەکەی دۆڕاندی و بەرامبەر "ئۆزگور ئۆزەل" شکستی هێنا. هەر دوای ئەم ڕووداوانە "جەهەپە" لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی ٣١ی ئازاری ٢٠٢٤ توانیی لەسەر ئاستی تورکیا حزبەکە بگەیەنێتە پلەی یەکەم.

بێ گومان لە چوارچێوەی ئەم پێشهاتانە نیشانەرێکی بەرچاو بەدی دەکرا، ئەویش بریتی بوو لەوەی جەهەپە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی دەنگەکانی زیادی دەکرد؛ هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆپۆزیسیۆن لە دوای نزیکەی بیست و سێ ساڵ توانیی جێگرەوە (بەدیل)ی ئەردۆغان بدۆزێتەوە. ئەم جێگرەوەیە تەنیا یەک ناو نییە بەڵکوو دوو ناوی گرنگە لەسەر ئاستی تورکیا: یەکەمیان، "ئەکرەم ئیمامئۆغلو"ی سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبووڵە. ئەکرەم ئیمامئۆغلو سەرەڕای گوشارەکانی دەسەڵات و ئاک پارتی لە هەڵبژاردنەکانی مایسی ٢٠٢٤ توانیی بۆ جاری دووەم، سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئیستەنبووڵ بەدەست بهێنێت. جگە لەمە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ٣١ی ئازاری ساڵی ٢٠١٩ کە تێیدا ئیمامئۆغلو سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە هەڵوەشایەوە و، ئەوکات بڕیار درا کە هەڵبژاردنەکانی شاری ئیستەنبووڵ لە ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩ دووبارە بکرێتەوە؛ بەڵام سەرەڕای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکە ئیمامئۆغلو کە کاندیدی جەهەپە بوو، توانیی ڕێژەی (%٥٤,٢٢) و کاندیدی ئاک پارتی، بن عەلی یلدرم، (%٤٥)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

بەم شێوەیە پەیامی خەڵکی ئیستەنبووڵ زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، کەوا ئەوان لەمەودوا ئاک پارتییان ناوێ بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئیستەنبووڵ. بەم پێیە ئیمامئۆغلو توانیی لە سێ هەڵبژاردنی شارەوانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بۆ یەکەم جار لە تورکیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٢، شکست بە ئەردۆغان و حزبەکەی بهێنێت.

سەرکەوتنەکانی "ئیمامئۆغلو" ڕۆژ لە دوای ڕۆژ "ئەردۆغان" و ئاک پارتی و هاوپەیمانەکانی نیگەران کرد،

چونکە کۆنترۆڵکردنی شارەوانیی ئیستەنبووڵ زۆر گرنگە و وەکوو بەڕێوەبردنی تورکیایەکی بچووک وایە. جگە لەمە با ئەوەیشمان لەبەرچاو بێت کەوا سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئیستەنبووڵ لە مێژووی سیاسیی ئەردۆغاندا شوێن و پێگەیەکی مەعنەوی لەخۆ دەگرێت.

بەرامبەر ئەمە، ناوێکی دیکە هەیە کە وەکوو بەدیلی ئەردۆغان سەیر دەکرێت، ئەویش سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئەنقەرە "مەنسوور یەڤاش"ە . سەرەڕای ئەوەی ئیمامئۆغلو بەراورد بە "یەڤاش" خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی فراوانترە، بەتایبەت لەسەر ئاستی دەنگدەری کورد، بەڵام ئەگەر ئیمامئۆغلو ڕێگریی لێ بکرێت خۆی کاندید بکات بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە تورکیا، ئەوە باشترین بژاردە "یەڤاش"ە. بۆیە بژاردەی یەڤاش تا ئێستایش هەر بەکراوەیی ماوەتەوە، چونکە ئەویش وەکوو ئیمامئۆغلو توانیی لە ئەنقەرە بەرامبەر بە کاندیدەکەی ئاک پارتی و ئەردۆغان دوو جار سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؛ بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئازاری ساڵی ٢٠٢٤، یەڤاش توانیی (٦٠,٤٤%) و کاندیدی ئاک پارتی تورگوت ئالتنوگ (٣١,٦٨%)ی کۆی گشتیی دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

ئەم ئەنجامە ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ئاک پارتی لە ساڵی ٢٠٠٢وە بەم شێوەیە ڕووبەڕووی شکست نەبۆتەوە؛ لەبەر ئەم هۆکارەیە، دەکرێ بڵێین "یەڤاش" لە هەر کات و ساتێکدا یەکێکە لە جێگرەوە بەهێزەکانی ئەردۆغان.

ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا دوای ماوەیەکی دوورودرێژ توانیی لانی کەم دوو کەسایەتی ئامادە بکات بۆ ئەوەی یەکێکیان ببێتە جێگرەوەی ئەردۆغان، چونکە لە دوایین هەڵبژاردنەکانی شارەوانی کە لە ٣١ی ئازاری ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجام درا، دوای نزیکەی بیست و سێ ساڵ جەهەپە توانیی لەسەر ئاستی تورکیا زۆرترین ڕێژەی دەنگ، کە بریتی بوو لە ڕێژەی (٣٧,٧٧%) کۆی گشتیی دەنگەکان، بەدەست بهێنێت و ببێتە حزبی یەکەمی تورکیا و ئاک پارتی بە ڕێژەی (٣٥,٤٩%)ی کۆی گشتیی دەنگەکان بووە حزبی دووەم لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا. بۆیە قۆناغی ئێستا بۆ ئۆپۆزیسیۆن بریتی دەبێت لە قۆناغی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سەرۆککۆماری تورکیا (ئەردۆغان).

لەبەر ئەم هۆکارەیە دەبینین کەوا ئۆپۆزیسیۆن سەرجەم تواناکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی یەکێک لە کاندیدەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار ئامادە بکات کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٨دا ئەنجام بدرێت ئەگەر بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە نەدرێت. ڕاستە ئێستا ئێمە لە ساڵی ٢٠٢٥ین بەڵام ئۆپۆزیسیۆن گوشار دەکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لانی کەم پێش ساڵی ٢٠٢٦ ئەنجام بدرێت، واتا پێش نزیکەی دوو ساڵ لە وادەی یاساییی ئەنجامدانی هەڵبژاردن؛ چونکە نایەوێ پێش ماوەیەکی کورت لە وادەی یاساییی خۆیدا ئاک پارتی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بدات بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆکاندیدکردنی ئەردۆغان هەڵکەوێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانەی سەرەوە ئەردۆغان بەڕاستی هەستی بەوە کرد کە ڕێژەی دەنگەکانی لەسەر ئاستی تورکیا کەمی کردووە و جگە لەمەیش دوو ڕکابەری بەهێز بەرامبەری دەرکەوتوون، بۆیە ناچار هەوڵ دەدات و کار بۆ ئەوە دەکات کە گەرەنتیی سەرکەوتنی خۆی و حزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٨ بکات. بۆ ئەم مەبەستەیش دەتوانین بڵێین کە ئەردۆغان لە لایەک هەوڵ دەدات ئۆپۆزیسیۆن لاواز بکات و لە لایەکی دیکە کار بۆ گەرەنتیکردنی سەرکەوتنی خۆی و حزبەکەی دەکات لە هەڵبژاردنەکانی

داهاتوودا بە بەکارهێنانی سەرجەم ئامرازە دیموکراسی و نادیموکراسییەکان. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کەوا ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بووە و جگە لەمەیش ئێستا زیاتر لە ناوێك وەکوو جێگرەوەی ئەردۆغان بەدەر کەوتووە.

**هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی پێشهاتەکانی تورکیا**

تورکیا سەرەڕای ئەوەی وڵاتیکی گرنگە لە ناوچەکەدا بەڵام ناتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هیچ هەنگاوێک بنێت؛ بەتایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەر پێشهات و ڕووداوێک ڕوو بدات، ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەکاتە سەر تورکیا؛ جگە لەمە لەسەر ئاستە ناوخۆییەکە بەهۆی ناسەقامگیریی ئەمنی و ئابووری و سیاسییەوە بەردەوام ئەم وڵاتە بەدەست کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانەوە دەناڵێنێت.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ هۆکارە دەرەکییەکان (هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان) و ناوخۆییەکان کە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو تابلۆیەی ئێستا لە تورکیا هەیە، بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**أ. هۆکارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان**

**یەکەم:** ڕووداوەکانی (٧)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ کە لەلایەن حەماسەوە لە دژی ئیسرائیل ئەنجام درا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ ناوچەکە، چونکە دوای ئەم ڕووداوە ئیسرائیل ستراتیژییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لە ناوچەکەدا گۆڕی و گرنگترین گۆڕانکارییش بریتی بوو لە پێداگریی تەلئەبیب بۆ لاوازکردنی پێگەی ئێران و کەمکردنی دەستڕۆیشتوویی (نفووز)ی لە ناوچەکە، بەتایبەت هێزە پرۆکسییەکانی نزیک تاران کرانە ئامانجی سەرەکیی ئێسرائیل و هەر یەک لە سەرکردەکانی پلە یەکی حەماس و حزبوڵلا کرانە ئامانجی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل. لە ئەنجامی ئەم پێشهاتانە گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە سووریا ڕووی دا کە لە ماوەی یازدە ڕۆژدا ڕژێمی بەعس لە سووریا ڕووخا.

ڕووداوەکانی سووریا لەلایەن بەرپرسانی تورکیا وەکوو سەرکەوتنێک لە بەرژەوەندیی ئەنقەرە وێنا کرایەوە، چونکە گرووپە چەکدارەکانی نزیک ئەنقەرە توانییان بگەنە دەسەڵات. ئەردۆغان و ئاک پارتی هەوڵیان دا ئەمە بکەنە دەستکەوتێک بۆ سیاسەتەکانی حکوومەتەکەی خۆیان، چونکە بابەتی پەنابەرانی سووریا لە تورکیا و بەگشتی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە سووریا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی تورکییەوە ڕەخنەی توندی لێ دەگیرا. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕەخنانە ئاک پارتی ویستی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سووری وەکوو وەڵامێک بۆ ئەم ڕەخنانە بەکار بهێنێت.

لە ئەنجامی ئەم خاڵەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە، پێشهاتەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر سەد لە سەد لە بەرژەوەندیی تورکیا نییە و تەنانەت ئەوە خەریکە لە سووریاش تورکیا کێشەی بۆ دروست دەبێت لەگەڵ ئیسرائیل؛ بەڵام ئەردۆغان و ئاک پارتی توانییان تا ئاستیکی باش ئەم ڕووداوانە وەکوو دەرفەتێک بخەنە ڕوو و ڕای گشتیی تورکیا بەوە ڕازی بکەن کەوا ئەنقەرە سوودمەندی سەرەکییە لە سووریای دوای ئەسەد و، ڕووداوەکان لەم وڵاتەدا لە بەرژەوەندیی تورکیایە.

**دووەم:** هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە بۆ سەر تورکیا. سەرەڕای

ئەوەی ئەمریکا لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکانەوە بەهێزە و ستراتیژیی درێژخایەنیان هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵوێست و تێڕوانینی سەرۆکی هەڵبژێردراو بەرامبەر بە تورکیا، ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە دیاریکردنی جۆر و شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن. لەم چوارچێوەیەدا پاش ئەوەی "دۆناڵد ترەمپ" وەکوو سەرۆکی نوێی ئەمریکا هەڵبژێردرا، لە ڕێکەوتی (١٦)ی ئازاری ساڵی ٢٠٢٥ پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە نێوان ترەمپ و ئەردۆغان ئەنجام درا؛ ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییە زۆر گرنگ بوو چونکە بەپێی لێدوانە فەرمییەکان جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کرایەوە:

١. لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بابەتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان باس کراون.

٢. ئەردۆغان لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ئاماژەی بە هاوکاریی نێوان دوو هاوپەیمان (تورکیا و ئەمریکا) کردووە و، ڕای گەیاندووە کە بڕوای بە درێژەدان بە پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەردوو لا هەیە. ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کەوا ئەردۆغان بەڵێنی ئەوەی داوەتە ترەمپ، کە ئەنقەرە و واشنتۆن وەکوو دوو وڵاتی هاوپەیمان دەمێننەوە و ئامادەییی ئەنقەرەی بۆ پەرەپێدان بەم پەیوەندییە نیشان داوە.

٣. خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە پەیوەندییەکەدا باس کراوە بریتییە لەوەی کە ئەردۆغان بە ترەمپی ڕاگەیاندووە کەوا ئەنقەرە بەتەواوەتی پاڵپشتی لە هەڵوێستی ترەمپ دەکات دەربارەی کۆتاییهێنان بە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا. ئەمەیش خاڵێکی گرنگە بۆ سەرخستنی هەوڵەکانی ترەمپ بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا.

٤. دەربارەی سووریا، ئەردۆغان داوای لە ترەمپ کردووە یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە لە سووریا ئاسایی بێتەوە و دەسەڵاتی نوێی دیمەشق بتوانێ بەتەواوەتی کار و چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لەم وڵاتەدا بە مەبەستی ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێت بۆ گەڕانەوەی پەنابەرە سوورییەکان بۆ وڵاتی خۆیان.

٥. دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەردۆغان داوای لە سەرۆکی ئەمریکا کردووە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەبەرچاو بگیرێت؛ هەروەها ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی دیکە کراوە کە ئەویش بریتییە لە کۆتاییهێنان بە سزاکانی ئەمریکا، کە لە چوارچێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی نەیارانی ئەمریکا لە ڕێی سزاوە "کاتسا" (Countering America’s Adversaries Through Sanctions Act, CAATSA) کە لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا "جۆ بایدن" بەسەر ئەنقەرە سەپێنراوە. بەپێی ئەم سزایە کە لە ڕێکەوتی ٦ی نیسانی ساڵی ٢٠٢١ بەسەر تورکیا سەپێنراوە بەهۆی کڕینی تورکیا بۆ سیستەمی S-400ی ڕووسی، لە ئەنجامیدا تورکیا لە پرۆگرامی فڕۆکەی F-35 دوور خرایەوە و، هەروەها ئەمریکا بڕیاری دا فڕۆکەی جۆری F-16یش نەفرۆشێتە تورکیا. ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠١٧وە لە ئەمریکا لەلایەن کۆنگرێسەوە دەرچووە بەڵام ترەمپ لە سەردەمی سەرۆکایەتیی یەکەمیدا نەیهێشت تورکیا لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا سزا بدرێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەم بابەتەیش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا چارەسەر بکرێت. بەڵام با ئەوەیش لەبەرچاو بگیرێت کەوا ترەمپ بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێت بەبێ بەرامبەر هەنگاو بنێت. واتا ئەگەر ئەم سزایە لەسەر تورکیا لا ببات، ئەوە بێ گومان بەرامبەر ئەمە داوای شتی تر لە ئەنقەرە دەکات؛ سەرەڕای ئەوەی چەندان جار ترەمپ سەرسامیی خۆی بە ئەردۆغان ڕاگەیاندووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، دوای تێپەڕینی تەنیا دوو ڕۆژ بەسەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی نێوان ترەمپ و ئەردۆغان و لە ڕێکەوتی (١٨) ئازاردا زانکۆی ئیستەنبووڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی "ئیمامئۆغلو"ی هەڵوەشاندەوە؛ ڕۆژێکیش دوای ئەو، سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئیستەنبووڵ (ئیمامئۆغلو) دەستگیر کرا و پاش چوار ڕۆژی تریش لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئازار بڕیاری دادگە دەرچوو دەربارەی بەندکردنی ناوبراو. ئەمەیش دیارە ئەردۆغان قەناعەتی ئەوەی بۆ دروست بووە کەوا "ترەمپ – ئەمریکا"، بەهۆی پێشهاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، پێویستیی بە تورکیا و بەتایبەت ئەردۆغان هەیە لەم قۆناغەدا؛ بۆیە هەنگاوەکانی ڕێگریکردن لە ئیمامئۆغلوی نایەوە.

**سێیەم:** وڵاتانی ئەوروپا لە لایەک سەرقاڵی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینان و لە لایەکی دیکە بەهۆی هەنگاوە ئابووری، بازرگانی، ئەمنی و تەنانەت سیاسییەکانی ترەمپەوە تووشی شۆک بوون، چونکە ترەمپ، بەتایبەت لە بابەتی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا گوشارێکی زۆری کردۆتە سەر وڵاتانی ئەوروپا و، چەندان جار ڕای گەیاندووە کەوا بارگرانیی داراییی جەنگەکە کەوتۆتە ئەستۆی ئەمریکا. بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا وڵاتانی ئەوروپا نایانەوێ تورکیا بکەوێتە بەرەی دژی ئەوروپا، چونکە تورکیا هەم بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و هەمیش لەبەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە، تورکیا خاوەن پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگە.

بەرامبەر ئەمە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا هەر خۆیان ئەم جۆرە کێشانەیان هەیە دەربارەی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (٣١)ی ئازاری ساڵی 2025 دادگەیەکی فەڕەنسا قەدەغەی پێنج ساڵی خستە سەر خۆکاندیدکردنی سەرۆکی حزبی بەرەی نیشتمانی "مارین لو پین – Marine Le Pen" بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە فەڕەنسا کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٧ ئەنجام بدرێت. ئەو تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵی، بریتییە لەوەی کە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٧) ئەو پارەیەی کە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە تەرخان کراوە، لە شوێنی خۆی بەکاری نەهێناوە بەڵکوو بۆ بەرژەوەندیی حزبەکەی خۆی ئەم پارەتییانەی بەکار هێناوە. ئەم ڕووداوەی فەڕەنسا زۆر نزیکە و هاوشێوەی کەیس و ڕووداوەکەی "ئیمامئۆغلو"یە، چونکە هەردووکیان لە ڕێگەی دادگەوە هەوڵ دراوە ڕێگرییان لێ بکرێت بۆ خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە هەردوو وڵاتدا. ئەم جۆرە ڕووداوانە بێ گومان هاندەرێکی باشە بۆ ئەردۆغان بۆ ئەوەی ئەویش وەکوو وڵاتێکی ئەوروپیی گرنگی وەکوو فەڕەنسا، ئەم جۆرە هەنگاوانە بنێت.

لە ئەنجامی ئەم خاڵەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە جگە لە سەرزەنشتێکی شەرمنانەی ئەوروپا کە لە ئەنجومەنی گشتیدا دانیشتنێکی تایبەت بە ناونیشانی "گوشارەکانی سەر دیموکراسی لە تورکیا و دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغلو"ی ڕێک خست و تێیدا بەرپرسی فراوانبوون لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا "مارتا کۆس – Marta Kos" ڕای گەیاند، کەوا بە مەبەستی ناڕەزایەتیدەربڕین لەسەر دەستگیرکردنی ئیمامئۆغلو، بڕیاری داوە بەشداری لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتاڵیا نەکات و ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ "هاکان فیدان"، وەزیری دەرەوەی تورکیا هەیبوو، هەڵی وەشاندۆتەوە.

**ب. هۆکارە ناوخۆییەکان**

لە لایەکی تر، دەتوانین گرنگترین هۆکارە ناوخۆییەکانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئێستای تورکیا بەم

شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** تورکیا پاش سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا و سەرهەڵدانی جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا و ناجێگیریی ئابووری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی و ئابووری و بازرگانیی قووڵ بۆتەوە. ئەم قەیرانە ئابووری و داراییەی ئێستای تورکیا گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار و ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر ئاستی ناوخۆی تورکیا. لەم چوارچێوەیەدا بەپێی ڕاپرسییەکی دەزگەی ئاسال بۆ توێژینەوە و ڕاوێژکاری (ASAL Araştırma ve Danışmanlık) کە لە ڕێکەوتی (١٥-٢٢)ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجامی داوە و تێیدا پرسیاری "**گەورەترین کێشە لە تورکیا چییە؟**" لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کراوە، ئەنجامی ڕاپرسییەکە بریتی بوو لەوەی کە (٦١,٢%)ی بەشداربووان وەڵامی پرسیارەکەیان بەم شێوەیە داوەتەوە: "**گەورەترین کێشە لە تورکیا، کێشەی ئابووری و گرانیی بژێوی ژیانە.**" ئەم جۆرە ڕاپرسییانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا قەیرانی ئابووری لە تورکیا گەیشتۆتە ئاستێکی بێزارکەر و مەترسیدار و ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر هەڵوێستی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. بۆیە لە ئەنجامی ئەم خاڵەدا دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەیشتی بارودۆخی ئێستای تورکیا بەو ڕەوشەی کە تێیایە، بۆ کێشەی ئابووری دەگەڕێتەوە، چونکە نیگەرانییەکی بەرچاو هەیە لەناو خەڵک دەربارەی کێشە ئابووری و داراییەکانی و، جۆرە نادڵنیاییەك بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئێستا لە بواری ئابووریی و دارایی سەری هەڵداوە.

**دووەم:** بارودۆخی سیاسیی وڵات و پابەندنەبوون بە بنەماکانی دیموکراسی، خاڵێکی دیکەی ناوخۆییە کە ناڕەزایەتییەکی زۆری لێ کەوتۆتەوە. ئاراستەیەکی بەهێز و تا ڕادەیەکیش کاریگەر بە پاڵپشتیی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا سەری هەڵداوە؛ تێیدا ئەردۆغان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە وازی لە بنەماکانی دیموکراسی هێناوە و بەرەو حوکمڕانیی تاکەکەسی هەنگاوی ناوە. ئەمەیش وای کردووە ژینگەیەکی ناسەقامگیر دروست بێت و بۆتە هۆی ئەوەی متمانەی هاووڵاتی بە حکوومەت و سیستەمە سیاسییەکەی تورکیا لاواز بێت. لە ئەنجامی ئەم خاڵە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا لاوازیی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات، بۆتە هۆکاری دروستبوونی جۆرە ناسەقامگیرییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی تورکیا. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا یەکێک لەو هۆکارانەیە کە تورکیای گەیاندۆتەوە ڕۆژگاری ئێستا.

**سێیەم:** ژیانی سیاسی لە تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٢وە کێشەیەکی سەرەکیی هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و کاریگەری نەبووە. واتە لە ساڵی ٢٠٠٢وە تا هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٢٤، ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و کاریگەر کە بتوانێ شوێنی حزبی دەسەڵاتدار بگرێتەوە، بوونی نەبووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا قۆناغ بە قۆناغ ئاک پارتی ئەو پێگە جەماوەرییەی کە هەیبوو لەدەستی دا و، ئێستا بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٢ لاواز بووە و تەنانەت گەیشتۆتە ئاستیک ناتوانێ بەبێ پاڵپشتیی مەهەپە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا گرنگترین پێشهات لە ژیانی سیاسیی تورکیا لە قۆناغی ئێستادا بریتییە لە سەرهەڵدانی چەند ناوێکی کاریگەر و گرنگ بۆ ئەوەی ڕکابەرایەتیی ئەردۆغان بکەن بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری داهاتوو وەکوو بەربژێرێکی بەهێز. لە ئەنجامی ئەم خاڵەدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەردۆغان بریتییە لەوەی کەوا توانای ئەوەی هەبووە تا ئێستا، ڕێگری بکات لە دروستبوونی هاوپەیمانییەکی بەهێز لە دژی. بە دەستەواژەیەکی دیکە، ئەردۆغان جگە لەوەی کار دەکات هاوپەیمانیی بەهێز پێک بهێنێت بۆ ئەوەی وەک لایەنێکی بەهێز

دەربکەوێت، لە لایەکی دیکەیش بەردەوام نەیهێشتووە هاوپەیمانییەتیی بەهێز لە دژی پێک بهێنرێت؛ بۆ نموونە ژینگەیەکی ئاوای ڕەخساند، کە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ ئۆپۆزیسیۆنی ناچار کرد "کەمال کلیچدارئۆغلو" بەربژێر بکات کە زۆرینەی پێشبینییەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون کلیچدارئۆغلو ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانە و لە ئەنجامی ئەم خاڵەوە، دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا ئەوەی ئێستا لە تورکیا دەگوزەرێ بریتییە لە هەوڵەکانی لاوازکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی گشتی و ڕێگریکردنە لە بەربژێرکردنی کەسایەتییەک کە بتوانێ ڕکابەرایەتیی ئەردۆغان بکات.

**دوای بڕیاری بەندکردنی ئیمامئۆغلو، تورکیا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟**

دوای بڕیاری بەندکردنی ئیمامئۆغلو، لەسەر ئاستی تورکیا و بە سەرپەرشتیی جەهەپە لە چەندان شاری ئەم وڵاتە دەست کرا بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایەتی لە دژی ئەم هەنگاوەی حکوومەت و گەورەترین و فراوانترین خۆپیشاندان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٩)ی ئازاری ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجام درا کە سەدان هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد و پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئیمامئۆغلو ڕاگەیاند. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرە ئەمەیە: "**پاش بەندکردنی ئیمامئۆغلو، لە قۆناغەکانی داهاتوودا چی چاوەڕێی تورکیا دەکات؟**" هەرچەندە وەڵامی ئەم پرسیارە سەختە بەڵام هەوڵ دەدەین لەژێر ڕۆشنایی پێشهاتە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێشبینیی قۆناغەکانی دوای بەندکردنی ئیمامئۆغلو بەم شێوەی خوارەوە بکەین:

**یەکەم:** جەهەپە دوای هەنگاوی حکوومەتی تورکیا سەبارەت بە دەستگیرکردن و دواتر دەرکردنی بڕیاری بەندکردنی ئیمامئۆغلو، وازی لە کاندیدکردنی ناوبراو بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار، کە بڕیارە لە ساڵی (٢٠٢٨) ئەنجام بدرێت، نەهێنا. هەر لەم چوارچێوەیەدا جەهەپە پێش دەستگیرکردنی ئیمامئۆغلو بڕیاری دیاریکردنی بەربژێری جەهەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بۆ ساڵی ٢٠٢٨ی دابوو لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەسەر ئاستی حزبیدا، بەڵام دوای دەستگیرکردن و بەندکردنی ئیمامئۆغلو، ڕێژەی بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنە پێشوەختە فراوانتر بوو و ئەوانەی ئەندامی "جەهەپە"یش نەبوون بەشدارییان لە هەڵبژاردنی پێشوەختە کرد و لە ئەنجامدا و بە بەشداریی نزیکەی (١٥) ملیۆن کەس، جەهەپە ڕای گەیاند کەوا بەربژێری فەرمیی حزبەکەیان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار، ئیمامئۆغلویە. بۆیە ئەم بابەتە بۆ داهاتوو ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا جەهەپە تا ئێستا دەستبەرداری گوشارەکان نەبووە و پێش ناچێت ئەوها بەئاسانی وازی لێ بهێنێت. بۆیە پێشبینی دەکەین تا دوا ساتەکان بابەتی ئیمامئۆغلو وەکوو گوشارێک لەلایەن جەهەپەوە دژی ئەردۆغان و ئاک پارتی بەکار بهێنرێت و، دووریش نییە لە کۆتاییدا ئەم بابەتە لە ڕێگەی دانوستاندنی نهێنییەوە لە نێوان "ئەردۆغان" و "ئۆزەل"ەوە یەکلایی بکرێتەوە؛ چونکە ئەردۆغان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێت ئاماژەی بەم دەرفەتی دانوستاندنە کردووە. هەروەها ئێستا باردۆخی یاسایی ئیمامئۆغلویش بەتەواوەتی یەکلایی نەکراوەتەوە. جارێ پرۆسەی دادگەییکردنەکە تەواو نەبووە کە پێشبینی دەکرێت نزیکەی شەش مانگی پێ بوێت، لە لایەکی دیکەیش تا ئێستا بڕیار لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە نەدراوە؛ بۆیە دوور نییە ئەردۆغان کار بۆ کوشتنی کاتی زیاتر بکات و لە هەمان کاتیشدا ژینگەیەکی ئاوا لەبار بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئۆزگور ئۆزەڵ خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری داهاتوو بەربژێر بکات، چونکە ئەگەر ئۆزەڵ هەڵەیەکی ئەوها بکات، چارەنووسەکە و ئەنجامەکەی

هاوشێوەی کلیچدارئۆغلو دەبێت.

**دووەم:** جەهەپە گوشارەکانی خۆی لە دژی ئاک پارتی و ئەردۆغان زیاد کردووە بۆ ئەوەی بڕیار لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بدرێت. ئەم هەنگاوەی جەهەپە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی کە ئێستا ئیمامئۆغلو تێیدایە، یەك ناگرێتەوە و هیچ لە بەرژەوەندیی ئیمامئۆغلو نییە، بەڵکوو ڕێک لە بەرژەوەندیی ئەردۆغانە چونکە یەکێک لە ڕێگەکانی سێبارە کاندیدبوونی ئەردۆغان ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پێشوەختەیە. بەڵام ئەردۆغان نایەوێ لە ئێستاوە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت بەڵکوو ئەو دەیەوێ پێش ٢٠٢٨ بە وادەیەکی زۆر کەم ئەم هەنگاوە بنێت. لە لایەکی دیکە "مومتازئەر تورک ئۆنە – Mümtaz'er Türköne" کە نووسەرێکی نزیکە لە "مەهەپە"، لە دوایین نووسینیدا لە پێگەی The Turkish Post لە ڕێگەی بابەتێکییەوە بە ناونیشانی "بە ناوی ڕژێمی دیکتاتۆر – Sözde Dikta Rejimi"، ڕای گەیاندووە جگە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەم لایەنەکاندا نەماوە و جەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ساڵی ٢٠٢٦دا ئەنجام دەدرێت. بۆیە ئەگەر پێش بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، کەیسی ئیمامئۆغلو یەکلایی نەکرێتەوە، ئەوە بەم بارودۆخەی ئێستا، ئیمامئۆغلو لە ڕووی یاساییەوە ناتوانێت خۆی کاندید بکات، چونکە بڕوانامەکەی لەلایەن زانکۆی ئیستەنبووڵەوە هەڵوەشاوەتەوە. لە ئەنجامی ئەم خاڵەدا دەتوانین بڵێین جگە لە ئەردۆغان و ئاک پارتی، ئاراستەیەک لەناو جەهەپەیش هەیە کە لەگەڵ ئەوەدایە ئۆزەل خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان بەربژێر بکات. با ئەوەیشمان لەبەرچاو بێت کە ئەردۆغان لە ڕووی تێکدانی هاوپەیمانێتییەکانی لایەنی بەرامبەر و لاوازکردنی نەیارانی، زۆر بەئەزموونە و چەندان جار لەم کارەی سەرکەوتوو بووە.

**سێیەم:** جەهەپە بۆ ئەوەی گوشارەکانی زیاتر و کاریگەرتر بکات بڕیاری بایکۆتکردنی ئەو کۆمپانیا، دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی نزیك لە دەسەڵاتی داوە؛ تەنانەت جەهەپە کەمپینی بایکۆتکردنی کڕینی شتومەکی دا لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢)ی نیسانی ساڵی ٢٠٢٥ کە تەنیا بۆ ماوەی یەك ڕۆژ بوو. لەوانەیە هەنگاوی ڕاگەیاندنی بایکۆتکردنی کڕینی شتومەکەکان لە قۆناغەکانی داهاتوودا فراوانتر بکرێت و بە شێوەیەکی بەردەوام هەندێ کۆمپانیا و دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی تر لەخۆ بگرێت؛ ڕەنگە بەمەیش نەوەستێت و هەنگاوی بوێرانەتر بنێن و بەرەو ڕاگەیاندنی مانگرتنی سەرتاسەری هەنگاو بنێن. ئەگەر ئەمەیان پێ کرا، ئەوە بارودۆخی ئابووریی شلەژاوی تورکیا، زیاتر تێک دەچێت و دەبێتە مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بۆ داتەپینی ئابووریی وڵات. هەرچەندە نانەوەی ئەم هەنگاوە هەندێک قورس و سەختە بەڵام هەموو کاتێک وەکوو ئەگەرێکی کراوە دەمێنێتەوە.

**چوارەم:** لەگەڵ دەستگیرکردنی ئیمامئۆغلو، بەهای لیرەی تورکی بە شێوەیەکی خێرا بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دابەزی، بەڵام لە ڕێکەوتی (١٩)ی ئازارەوە کە دەکاتە ڕۆژی دەستگیرکردنی ئیمامئۆغلو و تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژ، بانکی ناوەندیی کۆماری تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی بەهای لیرەی تورکی، نزیکەی (٢٦) ملیار دۆلاری خستۆتە بازار. ئەم پێشهاتانە ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا قۆناغەکانی داهاتوو لە تورکیا، کێشەی ئابووری و دارایی درێژەی دەبێت و لەگەڵ ناسەقامگیریی کەشوهەوای سیاسیی وڵات، باری ئابووریی وڵاتیش بەرەو خراپتر دەچێت، چونکە خستنەڕووی نزیکەی (٢٦) ملیار دۆلاری ئەمریکی تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا بارگرانییەکی زۆری بۆ سەر ئابووریی تورکیا دروست کردووە و، پێشبینییش دەکرێت لەگەڵ بەردەوامبوونی گرژی و ئاڵۆزییە سیاسییە ناوخۆییەکانی تورکیا، ئابووریی تورکیاش بەرەو خراپتر بڕوات

و له قۆناغەکانی داهاتوودا ئابووری وەکوو گوشارێکی سەخت و کاریگەر له بەرامبەر ئەردۆغان بەکار بهێنرێت.

**پێنجەم:** ئاک پارتی بە دەستپێشخەریی مەهەپە، دووبارە هەوڵی داوە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەست پێ بکاتەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە پرۆسەی ئەم جارەیان ناوی "پرۆسەی ئاشتی" نییە بەڵکوو "تورکیایەکی بێ تیرۆر – Terörsüz Bir Türkiye"ە؛ واتا هەر لە ناوی پرۆسەکە وا دەردەکەوێت ئەمەی ئەم جارەیان زیاتر بۆ ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەری کوردە و فراوانترکردنی هاوپەیمانێتیی کۆمارە (Cumhur İttifakı) چونکە بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان، کۆی دەنگی ئاک پارتی و مەهەپە نزیکەی (%۳۸)ە؛ ئەم ڕێژەیەیش بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بۆیە ئەردۆغان دەیەوێ لە ڕێگەی پرۆسەی "تورکیایەکی بێ تیرۆر"وە دەم پارتییش بخاتە ڕیزەکانی هاوپەیمانێتیی کۆمارەوە.

لە ئەنجامی ئەم خاڵەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر ئەم جارەیش لەوانەیە زۆر نەخایەنێ و نەتوانێت ئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت هەردوو لا متمانەیان بە یەکتر نەماوە و تەنانەت دەنگدەری کوردیش تا ڕاددەیەکی بەرچاو بڕوای بەم هەنگاوانە نەماوە و لەوانەیە لە قۆناغی داهاتوودا، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ئەو نزیکبوونەوەی نێوان دەم پارتی و هەر یەک لە ئاک پارتی و مەهەپە کۆتایی پێ بێت و سەرلەونوێ گرژییەکان سەر هەڵبداتەوە.

**کۆبەند**

پاکتاوکردنی نەیارەکانی ئەردۆغان لە گۆڕەپانی ژیانی سیاسیی تورکیدا، ئەنجامی ئەرێنیی لێ ناکەوێتەوە و دەبێتە هۆی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ و پڕ لە کێشمەکێش و ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی. لەم چوارچێوەیەدا با ئەوەیش لەبەرچاو بگرین کەوا پێشهاتە ناوخۆییەکانی تورکیا بەتەواوەتی لە خودی ناوخۆی کۆمەڵگەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەڵنەقووڵاوەتەوە، بەڵکوو پێشبینی دەکرێت کەوا دەستوەردانی دەرەکی و پاڵپشتیی دەرەکییش ڕۆڵێکی گرنگی هەبێ، بەتایبەت لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان؛ بۆ نموونە سەرۆکی ئەمریکا، ترەمپ، پەیامێکی تایبەت بە فەڕەنسای بڵاو کردەوە و تیایدا پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ "مارین لو پین"ی سەرۆکی حزبی بەرەی نیشتمانی لە فەڕەنسا ڕاگەیاند بەهۆی قەدەغەکردنی خۆکاندیدکردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی فەڕەنسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، بەڵام ترەمپ بە هەمان شێوە پاڵپشتیی لە ئیمامئۆغلو نەکرد. ئەمەیش خۆی پەیامێکی گرنگە کە لانی کەم بۆ قۆناغی ئێستا ئەمریکا پێی باشە ئەردۆغان لە دەسەڵات بمێنێتەوە. بەڵام وا پێ دەچێت لە هەمان کاتدا و بە شێوەیەکی نهێنی، ئەمریکا و هەندێک لایەنی دیکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش هەبێ، چونکە ئەو هەڵمەتەی کە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە لە دژی ئەردۆغان و حکوومەت دەستی پێ کردووە، پێ ناچێت عەقڵییەتی جەهەپە بێت، لەبەر ئەوەی شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە لەلایەن جەهەپەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی باش و پرۆفیشناڵانە بەڕێوە چووە و، توانراوە پەیام بنێردرێتە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و، بەمەیش بابەتەکە لە ناڕەزایەتیدەربڕین لە دژی بڕیاری دەستگیرکردن و بەندکردنی ئیمامئۆغلو دەرچووە و فراوانتر بووە و دروشمەکانی وەکوو "دادپەروەری" و "پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی" و "باشترکردنی باری ئابووری و هتد) بەرز کراونەتەوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، قۆناغەکانی داهاتوو بۆ تورکیا زۆر سەخت و پڕقەیران دەبێت و

ناسـەقامگیرییەکی بەرچـاوی سیاسـی درێـژەی پـێ دەدرێـت و لـە هەمـووان مەترسـیدارتریش ئەوەیـە: "**ئایا ئەردۆغان ڕازی دەبێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنرێت؟**"